# ململانێی ئەمریکا و ئێران

## کاریگەری لە سەر ناوچەکە



د.سەردار عەزیز

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com
حوزەیرانی ٢٠١٩

# ململانێی ئەمریکاو ئێران

## کاریگەری لەسەر ناوچەکە


د. سەردار عەزیز

ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com



حوزەیرانی ٢٠١٩


## پێرست


دەروازە ........................................ ٢
پاشخانی ئەمریکا لە کەنداو ........................................ ٥
ئامانجەکانی بوونی ئەمریکا لە کەنداو ........................................ ٩
ئایا لە سایەی سینەی ستراتیژیدا، تەوەرەیکی سیینە دێتە ئاراوە؟ ........................................ ١١
چەمکی سێینەی ستراتیژی ........................................ ١٥
ئایا ئەمریکا چ جۆرە ئێرانێکی دەوێت؟ ........................................ ١٦
ئیسرائیل و ئێران ........................................ ١٨
دەرئەنجامەکان ........................................ ٢٠
بە گشتی ئەم بژاردانە لە ئارادان ........................................ ٢١
سەرچاوەکان ........................................ ٢٣

**دەروازە**

ئەمریکا و ئێران لە ململانێدان. ئەمریکا تاکە زلهێزی دونیایە و ئێرانیش ئەو وڵاتەیە کە لە ساڵی ١٩٧٩ەوە لە دەرەوەی سیستەمی جیهانیەو لە لایەن ئەمریکاوە وەک نەیارێک تەماشا دەکرێت. ئێران بۆ ئەوەی فشاری ئەمریکا لە سەر خۆی کەمبکاتەوەو بەرگەی سزاکان بگرێت، بە سیستەمێکی تایبەت، دەیەوێت ببێتە هێزێکی خاوەن هەژموون لە ناوچەکەدا. چونکە بڕوای وەهایە تەنها لە ڕێگای کاریگەری لەسەر ناوچەکە دەتوانێت پێگەی خۆی بەهێزتر بکات و کارتی دانوستان بە دەستبهێنێت و لە دەرەوەی سنوری خۆی شەڕی ئەوانی تر بکات، تا لە دەوری خۆی سیستەمێک دابڕێژێت کە دوژمنایەتی نەکات و لێی سودمەندبێت.

دەکرێت ئەم خواستە بگەڕێنرێتەوە بۆ جیۆپۆلەتیکی ئێران کە نەک هەر بڕوای وەهایە کە دەبێت وڵاتێکی کاریگەربێت لە ناوچەکەدا، بەڵکو وەک بەشێک لە کەلتوری چەپی دونیایی سێ، کە گوتاری ئیسلامیەکانی ئێران زۆر لە ژێر کاریگەریدان، هەر لە (عەلی شەریعەتی)ەوە هەتا دوا خیتابی فەرمی بەرپرسە ئێرانیەکان، هەروەها لە بڕگەی ١٥٤ی دەستوردا ڕەنگ دەداتەوە، کە ئێران بە ئەرکی خۆی دەزانێت پاڵپشتی خەڵکی زوڵملێکراوبێت لە دونیادا.[١]

لە هەمانکاتدا گەر لە روانگەی (لۆنگ جورەی) میتۆدی مێژوناسی فەرەنسی (فیردینان برۆدێل)ەوە تەماشی ئێران بکەین دەبینین کە پانتایی دەسەڵات و جوگرافیای هەمیشە لە گۆرانکاریدا بوە، بۆیە جۆرێک لە نا دڵنیایی هەیە لەوەی کە ئەوەی هەیە گەرەنتی نیە. بە تایبەت ئەمرۆ ئێران، کرۆکەکەی یان شوناسە باڵاکە کە ناسیۆنالیزمی ئێرانیە، تەبانیە لە گەڵ پەراوێزیدا، وەک کورد و بەلوج و عەرەب و تا ئاستێکیش ئازەرییەکان.

لە بەرامبەردا ئەمریکا، سەرباری ئەوەی کە خۆی خاوەن توانا و هێزی بێشومارە، بەڵام لەپەیوەندی جۆراوجۆردایە لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکە.

بەم پێیە ململانێی ئێران و ئەمریکا، تەنها ململانێی نێوان دوو وڵات نییە، کە یەکێکیان زلهێزێکی جیهانیەو ئەویتریان دەیەوێت هێزێکی ناوچەیی خاوەن هەژموون بێت، بەڵکو ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر وڵاتانی دەوروبەر، چونکە

[١]. اصل یکصد و پنجاه و چهارم :جمهوری اسلامی ایران سعادت انسان در کل جامعه بشری را آرمان خود می داند و استقلال و آزادی و حکومت حق و عدل را حق همه مردم جهان می شناسد .بنا بر این در عین خودداری کامل از هر گونه دخالت در امور داخلی ملتهای دیگر، از مبارزه حق طلبانه مستضعفین در برابر مستکبرین در هر نقطه از جهان حمایت می کند.

کاتێک ئێران دەیەوێت ببێتە وڵاتێکی خاوەن هەژموون ئەوا وڵاتانی دەروبەری ئێران روبەوری مەترسی دەبنەوە. ئەمە لە ئەنجامدا ئەو دۆخەی بەرهەمهێناوە کە لە لایەن زۆرێکەوە بە جەنگی سارد ناودەبرێت. چەمکی جەنگی ساردی ئەمرۆ، کاتێک بەکاردێت جیاوازە لە جەنگی ساردی سەردەمی سۆڤیەت و ئەمریکا. یەکەم خەسڵەتی ئەم چەمکە مانای ئەوەیە کە دوو زلهێزی ناوچەکە :سعودیە و ئێران خۆیان ڕاستەوخۆ شەڕ لە گەڵ یەکتر ناکەن. بەڵام بۆ فەراهەمکردنی ململانێکانیان پەنا دەبەنە بەر ئەوانیتر. (جۆرگ گاوس) بڕوای وەهایە کە ئێران سەرکەوتوترە لەم رووەوە، چونکە خاوەن ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزترە. بەو پێیەی شیعەگەرایی پێکەوەبونێکی توکمەتر بەرهەم دەهێنێت لە سوننیگەرایی.

بەڵام ئەمە تەنها ئاستی ململانێکان نیە، دەکرێت باس لە ئاستی جیهانی ململانێکەش بکەین، لە بەر ئامادەیی ڕاستەوخۆی روسەکان لە ناوچەکەدا و ئامادەیی زیاتر و زیاتری چینیەکان لە ڕێگای ئابوری و بازرگانی و هێزەوە.

بەڵام پێش ئەوەی باس لەم دۆخەی ئێستا بکەین، وەها باشە کە دوو خاڵ ڕون بکەینەوە :یەکەم، ئایا ڕەگی ئەوەی ئەمڕۆ ڕودەدات لە کوێوە هاتوە؟. دووەم، ئایا ئەو میتۆدە چیە کە بتوانین باشتر لەم دۆخەی ئێستاپێ تێبگەین. کەواتە، پاشخان و مێتۆد گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو دۆخە ئاڵۆزەی کە لە ئارادایە.

ئەم نوسینە هەوڵدەدات بە بەکاربردنی میتۆدی ئەوەی کە پەیوەندیەکی فرەئاستی ڕاستەوخۆ هەیە لە نێوان سیاسەت لە ناو وڵاتانی ڕۆژئاوا، ئەورۆپا و ئەمریکا، لە گەڵ سیاسەت و قەیرانەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بۆ ئەوەی پاشخانێک بۆ قەیرانی ئێران ئەمریکا و کاریگەری لە سەر ناوچەکە دیاری بکات.

ئەم میتۆدە بنەمای ئەوە دادەڕێژێت کە لە ڕوی مێژوییەوە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕۆژئاوا داڕێژراوە. ئەم داڕشتنە تەنها ساتەوەختێکی مێژویی نیە، بەڵکو بنەمای سیستمێکە، کە پاشان پێویستی بە حوکمداری و درێژەپێدان هەیە. بەم پێیە دەرەوە و ناوەوە هەمیشە لە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی حومکداری و ئابوری سیاسی و ئاسایشیدان. بۆیە بۆ تێگەیشتن لە جۆری ئەم ململانێیە و دابینکردنی دیدێکی زانستی دەبێت سەرتا بگەڕێین بۆ ساتەوەختی دەستپێک. ئێران و ئەمریکا لە کەیدا لەیەکتر نزیک دەبنەوە، ئەو لەیەک نزیکبونەوە کاریگەرەکانی چین و پاشان لە کەی لە یەکتر جودا دەبنەوە. دەستینشانکردنی ئەم ساتەوەختانە ئێجگار گرنگن بۆ تێگەیشتنێکی زانستی. زۆر ساتەوەختی سەرەتا هەیە، بۆ نمونە گرتنی

دیپلۆماتە ئەمریکیەکان لە ڕۆژانی سەرەتای شۆرشی ئێرانیدا، بەڵام ئەمە ساتەوەختێکی سەرەتا نیە، هێندەی ئەوەی کە دەرئەنجامە. بۆیە لە ڕوی میتۆدۆلۆجیەوە یەکەم، هەمیشە ئەوەی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕودەدات دەرئەنجامی ململانێی ترە لە جێگای تر. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خۆی ئەکتەر نیە لە ئاستی جیهاندا.

دوەم، بەبێ دەستنیشانکردنی دەسەڵاتی خاوەن بڕیار، هەمیشە دەکەوینە هەڵەی ئەوەی ئەکتەری بێ کاریگەر بکەینە پاڵەوان.

سێیەم، وەک چۆن بڕیاری سەرەتا پەیوەست نیە بە ناوچەکەوە، بڕیاری ئەمڕۆ و داهاتوش تەنها پەیوەست نیە بە ناوچەکەوە.

چوارهەم، لە سەرەتادا کاتێک لە نێوان زلهێزەکانی دونیادا ململانێ یان بۆ نمونە لە کەیسی ئیمپراتۆریەتی بەریتانیا و ئەمریکا دەستاودەست هەبوە بۆ حوکمداری ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەوا پرسە تەنها ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەبوە، هێندەی ئەوەی پرسی نیزامی جیهانی بوە، لە ڕوی ململانێ و هاوسەنگی هێز لەگەڵ سیستەمی ئابوری و ئابوری سیاسی جیهانیدا.

پێنجەم، بەم پێیە کاتێک لە ساتەوەختێکدا دەستێوەردان و هەوڵدان بۆ داڕشتنی نیزامێکی ناوچەیی یان هەرێمی هەیە، ئەوا لە هەمانکاتدا بە بەردەوامی هەوڵی درێژەپێدان و پاراستنی هەیە، ئەمە بە ڕونی لە سیستەمی دەوڵەتدا دەبینین لە ناوچەکە :دەوڵەت چ بە فۆرمی دەوڵەت نەتەوە یان دەوڵەتی تیرەتۆری.

**پاشخانی ئەمریکا لە کەنداو**

بۆ ئەوەی لە دۆخی ئەمڕۆ بە باشی تێبگەین دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ئەو ساتەوەختەی کە ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بڕیار دەدات کە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست بە جێ بهێلێت. ئەوەی وەهایکرد کە بەریتانیا لە کەنداو بکشێتەوە کۆمەڵێک هۆکار بوو، بە تایبەت ڕەگی ئەوە بڕیارە دەگەڕێتەوە بۆ شکستی سوێس.

لە ئەدەبیاتی ڕۆژهەلاتی ناوەراستدا شەڕی کەناڵی سوێس بە دوژمنایەتی سێینە ناسراوە، کە بەریتانیا و فەرەنسا و ئیسرائیل، بەبێ پرسی ئەمریکا هەوڵی ئەوەیان دا (جەمال عەبدول ناسر) لە سەر کورسی حوکم لابەرن و دەست بە سەر کەناڵی سوێسدا بگرن.[2]

دۆڕانی ئەو سێ وڵاتە هێندەی تر بەریتانیای ماندوکرد و بەرەی دژە کۆلۆنیالیزمی بەهێز کردلەناوچەکەدا.

بەڵام بەریتانیا لە پاش سوێس خێرا لە ناوچەی کەنداو نەکشایەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەم ڕوبدات پێویستی بە گۆڕینی حکومەت کرد. ئەو ڕوداوەی کە بە بەزمی (کریستین کیللەر) ناسراوە، بو بە هۆکاری دۆڕانی پارێزەرەکان لە هەڵبژاردندا، بە تایبەت کاتێک پارتی کار، سەرکەوتو بوو لەوەی کە روداوەکە بگۆڕێت بۆ روداوێکی مەترسیدار لە ڕوی ئاسایشەوە.

چیرۆکی (کریستین کیللەر) لە ساڵی ١٩٦٣ دەست پێدەکات، کاتێک پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ وەزیری شەری بەریتانیدا دروست دەکات، دواتر دەردەکەوێت کە ئەم ئافرەتە سۆزانیەو هاوسەری دیپلۆماتێکارێکی قونسوڵخانەی سۆڤیەت بووە. ئەم ڕوادوە دەبێتە هۆکاری هەرەسی حکومەت و بابەتی بانگەشەی هەڵبژاردن، لە ئەنجامدا، پارتی کرێکاران بە سەرۆکایەتی( هارۆڵد وێڵسن) دێتە سەر حوکم. پارتی کرێکاران تەنها چوار کورسی لە پەرلەمان زیاتر بوو لە پارێزەران، بۆیە دوو ساڵ دوای ئەوە دیسانەوە هەڵبژاردن کرا، پارتی کرێکاران و وێڵسن دیسانەوە گەڕانەوە حکومەت بە کورسی زیاترەوە. وێڵسن لە بەر کۆمەڵێک هۆکاری تر، سەرباری شکستی بەریتانیا لە شەڕی سوێس لە ساڵی ١٩٥٤، گۆڕانی دیموگرافی و ئابوری و کەلتوری لە بەریتانیا، سەرەتای کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، ئامادەکاری بۆ بون بە ئەندامی ئەنجومەنی ئابوری ئەوروپی، بڕیاریدا لە

[2]. Zelikow and May (2018) Suez DeconstructedAn Interactive Study in Crisis, War, and Peacemaking
https://www.brookings.edu/book/suez-1956/

ڕۆژهەڵاتی کەنداوی سویس بکشێتەوە. وەک ڕونە ناوهێنانی سویس لە پرۆسەی کشانەوەکە ڕاستەوخۆ ئاماژەیە بە زیندوێتی شەڕی سویس لە یادەوەری بەریتانیەکان.

ئەم بریاری کشانەوەیە هەرچەندە وەها بەیانکرا لە بەر هۆکاری ئابورییە ، بەلاَم وەک لە سەرەوە ئاماژەمان پێدا هۆکاری تر زۆربوون. چونکە ئەرشیفی بەریتانی دەریدەخات کە ولآتانی کەنداو زۆر نیگەران بوون لە کشانەوەی بەریتانیا، بە جۆرێک ئامادەبون کە تێچونی مانەوەی سوپای بەریتانی بدەن، ئەمە بە ڕاشکاوی لە لایەن بەحرەین و ئیماراتەوە دەردەبڕێت.[٣]

ئەم کشانەوەیە دەبێتە مایەی نیگەرانی ئەمریکاش، چونکە لە گەرمەی جەنگی سارددا، ئەمریکا کەلە ڤێتنام لە قەیراندا بوو ئاسان نەبو بۆی هەتا بەرپرسیارێتی کەنداو بگرێتە دەست. بەلاَم ئەمریکا ئامادەش نەبوو کەنداو بە بۆشایی بەجێبهێڵێت، چونکە لە سیاسەتی نیودەوڵەتیدا بۆشایی بە بۆشایی نامێنێتەوە. لێرەوە چیرۆکی ئەمریکا لە گەڵ ناوچەکەدا دەستپێدەکات. ئەمریکا کە خۆی نایەوێت ڕاستەوخۆ ڕۆڵی کۆلۆنیاڵ ببینێت، دەبێت بە دوای پۆلیسێکدا بگەرێت لە ناوچەکەدا هەتا ئەو ڕۆڵەی بۆ بگێڕێت، ئەویش ئێرانە. لێرەوە چیرۆکی ئەمریکا و شا دەست پێدەکات. شا ئەم پشتیوانییە وەها دەبینێت کە پشتیوانی ئەمریکایە بۆ ئەو، بۆیە ئێجگار لە خۆی بایی دەبێت و دەست دەکات بە فیرۆدانی سەروەت و سامانی ئێران. کرینی چەکی زۆر، هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی، گەندەڵیەکی ئێجگار زۆر، پشت بەستن بە ئەمریکا، هەوڵدان بۆ مۆدرێنەکردنی ولآت، کە بوو بە هۆی کۆچی لادێ بۆ شار، پاشان داشکانی نرخی نەوت و سەرهەڵدانی قەیران لە شارەکاندا، ئەمەش سەرەتای کۆتایی ئێرانی شا بوو. ئاوهاش ئەمریکا دەیویست ئەم پۆلیسەی لەسەر دەسەلآت بهێڵێتەوە. لێرەشەوە لێکترازانی ئێران و ئەمریکا دەستی پێکرد.

پاش شۆرشی ئێران ١٩٧٩، ئەمریکا سەرەتایەکی تر لە ناوچەکەدا دەست پێدەکات. سەرەتایەک کە کەنداو بایەخی زیاتر پەیدا دەکات، وەک لە دۆکترنی کارتەر (رێبازی کارتەر) دا دەیبینین. بەلاَم با ساتێک بگەرێینەوە بۆ سالآنی دەستاو دەست پێکردنی کەنداو لە نێوان بەریتانیا و ئەمریکادا. لە بەرواری یانزەی ئاداری

---

[3]. Sato, Shohei 2011 Britain’s Withdrawal from the Persian Gulf, 1964-1971: A Study of Informal Empire
https://ora.ox.ac.uk/objects/uuid:df0aec03-0426-410e-be60-e5e702647df3/download_file?file_format=pdf&safe_filename=Shohei%2BSato%2BDphil%2Bthesis.pdf&type_of_work=Thesis

ساڵی ١٩٦٩ لە واشنتۆنی پایتەختی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەستەیەک لە دیپلۆماتی بەریتانی و ئەمریکی کۆدەبنەوە بۆ تاوتوێکردنی ئەگەری کشانەوەی بەریتانیا لە ناوچەی کەنداو و جێگرتنەوەی لە لایەن ئەمریکاوە.

لە دانیشتنەکدا دوو پرس بە زەقی دەردەکەوێت: یەکەم، هەوڵی ئێران بۆ سەپاندنی هەژموونیەتی خۆی بە سەر کەنداودا، لە گەڵ ململانێی نێوان وڵاتانی کەنداوی عەربی خۆیان.[4]

دەبینین ئەمرۆ وەک کۆتایی شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هەمان دوو کێشە بە زەقی لە ئارادان. سەرباری گۆڕانی ئیمپراتۆریەتی بەریتانی بە ئەمریکی، بەڵام هێندە گۆڕانکاری لە جۆری ململانێکاندا ڕوینەداوە. ئەمە بە گشتی لە زانستی جیوپۆلەتیکدا پێی دەوترێت: جیوپۆلیتیکاڵ ئیمپێرەتیڤ (بایەخداری نەگۆڕ). بەمانای ئەوەی ئەو هەوڵ و کردارانە کە وڵاتێک دەیکات بۆ بەهێزکردنی پێگەی هەمیشە لەگەڵ ئیمپێرەتیڤدا، ڕێگری هەیە، دانوستانی نێوان ئیمپێرەتیڤ و ڕێگر جۆری سیاسەتی هەر وڵاتێک دادەڕێژێت.
هەوڵی زاڵبونی ئێران بە سەر کەنداودا وەک خواستێکی نەگۆڕ، لە سات و سەردەمە جیاوازەکاندا پاڵنەرەکانی دەگۆڕێت. ئێرانی سەردەمی شا، جیاوازە لە ئێرانی ئیسلامی. ئێرانی سەردەمی شا، هەمان ڕۆڵی دەبینی کە ئێستا سعودییە لە ناوچەکە بۆ ئەمریکای دەیبینێت.
لێرەدا وەک پاشخانێکی پێویست دەکرێت هەندێک باس لە گرنگی ناوچەی کەنداو بکەین. ناوچەی کەنداو، وەک سەرچاوەی زۆرترین و ئاسانترین نەوت لە دونیادا، کە دەکەوێتە ناوەڕاستی دونیای کۆنەوە، گرنگترین ناوچەی دونیایە.
نەوت وەک خوێنی سیستەمی سەرمایەداری لە لایەن وڵاتانی پیشەسازییەوە هەرگیز ڕێگەی پێنادرێت لە دەستی یەک هێزدابێت. بۆیە هەوڵی ئێران یان هەر هێزێکی تر بۆ کۆنترۆڵکردنی ناوچەی کەنداو وەک مەترسی دەبینرێت بۆ هەموو وڵاتانی بێنەوتی دونیا لە ڕوی ئاسایشی وزەوە. چونکە ئاسایشی وزە هەمیشە لە سەر دوانەی نرخ ودڵنیایی بەردەوامی وەستاوە. بەو مانایەی کە دەبێت بڕی نەوت بە نرخی گونجاو بەردەوام لە بازاڕدابێت، هەتا قەیران دروست نەبێت.

---

4. Office of the Historian, USA, "Memorandum of Conversation, Washington, March 11, 1969," Foreign Relations of the United States, 1969-1976, Volume XXIV, Middle East Region and Arabian Peninsula, 1969-1972; Jordan, September 1970, https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1969-76v24/d72.

هەر ئەم بنەمایەش بوو کە عێراقی لە کوێت دەرپەڕاند. بۆ فەراهەمکردنی ئەمە یەکێک لە گەورەترین بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە دونیادا کە ناوی (سینتکۆم)ە لە ناوچەی کەنداوە.
سینتکۆم لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٣ کرایەوە. بەڕای (جۆن مۆریسی) ئامانجی گەورەی سینتکۆم ئیدارەدانی جەنگی درێژە.[٥]
کردنەوەی سینتکۆم خاڵی وەرچەرخانە لە سیاسەتی ئەمریکیدا بەرامبەر بە ئیدارەدانی وزە و ئابوری و ڕێڕەوی بازرگانی لە جیهاندا. بۆیە سەرباری بایەخی جیۆپۆلەتیکی، سینتکۆم بایەخێکی گەورەی جیۆئابوریشی هەیە. چیرۆکی سینتکۆم دەگەڕێتەوە بۆ جیمی کارتەر. لە مانگی یەکی ساڵی ١٩٨٠ جیمی کارتەر لە وتاری دۆخی یونیان یان دۆخی ئەمریکادا ئاماژەی بە ئەوەدا کە هەوڵی هەر هێزێکی دەرەکی بۆ دەست بە سەراگرتنی کەنداوی فارسی، وەک مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیەکانی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا دەبینرێت. هەر هەنگاوێکی لەوجۆرە بەرپەرچ دەدرێتەوە بە هەربژاردەیەک کە پێویست بکات لە نێویاندا بژاردەی سەربازیش.[٦]

گەرچی ئەمرۆ لە دونیادا قسە و باس لە سەر ئەوە هەیە کە نەوت و گاز بایەخی جیۆپۆلەتیکییان لە دەست داوە، لە بەر فرە سەرچاوەبونی وزە لە دونیادا، هەروەها گۆرانی سەرچاوەی وزە بۆ سەرچاوە نوێبوە وەک با، خۆر، لە گەڵ بەکارهێنانەوەدا، ریسایکڵ. بەڵام ئەم دیدە سەربارەی ڕاستی هەندێک بواری بایەخدار فەرامۆش دەکات. یەکەم، نەوت هەر خۆی گرنگ نیە، داهاتەکەشی گرنگە. دووەم، نەوت لە ڕوانگەی بەکاربەر و کۆنترۆڵەوە گرنگە. وەک (دەیڤید وێنریگ) دەڵێت، "نەوت سەرچاوەیەکی جیوستراتیژیە".[٧]

سێیەم، جۆری پەیوەندی لە گەڵ وڵاتانی نەوتیدا، دەبێتە مایەی ئەوەی کە چۆن داهاتی نەوت بەرهەمبهێنرێتەوە لە ناو کایەی ئابوری وڵاتانی خاوەن دەسەڵات و کۆنترۆڵ لە ناوچەکە، لە پێش هەمویانەوە ئەمریکا و بەریتانیا، لە کەیسی کەنداوی فارسیدا.

بەم پێیە دەبینین کۆمەڵێک بنەمای چەسپیوو و هەندێک گۆراویش هەیە لە دۆخی ناوچەکەدا. ڕۆژهەڵاتی ناوەراست جێگایەکی ئێجگار ستراتیژیە، بۆیە هەر وڵاتێک

[5]. Morrissey, John. (2017). The Long War: CENTCOM, Grand Strategy, and Global Security. Athens, GA: University of Georgia Press
[6]. Carter J 1980 State of the Union Address Jimmy Carter Library and Museum, Atlanta, GA www.jimmycarterlibrary.gov/ documents/speeches/su80jec.phtml
[7]. David Wearing 2018. AngloArabia Polity Press

کە هێزی باڵادەست بێت لە دونیادا، ناوتوانێت فەراموشی بکات. ئەمە تەنها لە بەر وزە خۆی نیە بە تایبەت، بەڵکو لە بەر هۆکاری هاوسەنگی هێز، ململانێ، سودمەندی داهات، سوڕی دۆلار، ئاسایشی وزە، لەگەڵ بازاڕی چەک و بەرهەمهێنانی چەک، بۆ وڵاتانی چەک بەرهەمهێن. بۆ نمونە وڵاتێکی وەک بەریتانیا پێویستی بەوەیە کە خاوەن کارگەی بەرهەمهێنانی چەک و تەقەمەنی خۆی بێت، هێزی گەورە ناتوانێت پشت بە وڵاتانی دەرەوە ببەستێت بۆ دابینکردنی چەک، بەڵام دروستکردنی چەک لە ناوخۆدا قازانجی نیە، بەڵام فرۆشتنی بڕی زۆری چەک بە وڵاتانی خاوەن نەوت، بە تایبەت لە کەنداو، بڕی پارەی پێویست بۆ کۆمپانیا بەریتانیەکان دابین دەکات.

**ئامانجەکانی بوونی ئەمریکا لە کەنداو**

ئەمریکا وڵاتێکی ئیمپراتۆرییە، جیاواز لە هەموو ئیمپراتۆرەکانی تری پێشوو لە مێژوودا. ئەمریکا لە زیاتر لە هەزار بنکەی سەربازی لە سەر گۆی زەوی هەیە، کە بە گشتی وەک تۆڕێک سەر گۆی زەوییان چنیوە، هەتا بێت ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لە ڕووی تەکنەلۆجیای چاودێری و داتا کۆکردنەوەو کوشتنەوە بە هێز تردەبێت. ئەرشیفەکەی سنۆدۆن ئەمەمان بە ڕونی بۆ ئاشکرا دەکات. وەک (ڕۆبەرت هارکیڤی) ڕونی دەکاتەوە کە بونی بنکە دیاردەیەکی نوێ نیە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی مەغۆلەکان.[٨]

بە کورتی ئەگەر ئەمریکا زلهێزی دونیایە لە ئەمڕۆدا ئەوا دەبێت سیاسەت و پلانی ئەوەی هەبێت کە چۆن پارێزگاری لەم پێگەیەی بکات. لە دیدی سوڕی گەورەوە، هەموو هێزێکی جیهانی پاش جەنگ سەرهەڵدەدات و دەبێت خاوەنی پێگەی هێزی جیهانی. لە قۆناغی دوەمدا، وڵاتێک یان هەندێک وڵات سەرهەڵدەدەن کە هێندە کاریگەرییان دەبێت کە لە داڕشتنی ئەجێندایدا بەشدار بن. لە قۆناغی سێیەمدا، قۆناغی هاوپەیمانیە کە هێزە سەرهەڵداوەکان هاوپەیمانییەک دروست دەکەن بۆ رکەبەری هێزی باڵادەست لە جیهاندا. قۆناغی چوارهەم، قۆناغی ماکرۆیە، یان قۆناغی باڵایە کە دوو هاوپەیمان، یان دوو هێزی گەورە رووبەڕوی یەکتر دەبنەوە و هێزێکی نوێی جیهانی سەرهەڵدەدات.[٩]

---

[8]. Harkavy, Robert E. Strategic Basing and the Great Powers 1200-2000. London: Routledge, 2007
هەروەها بۆ وردەکاری بڵاوبونەوەی بنەکەی سەربازی ئەمریکی لە جیهاندا بنواڕە
David Vine (2015) Base Nation How U.S. Military Bases Abroad Harm America and the World, metropolitan books

[٩]. لەم ڕوەوە بنواڕە جۆرج میدالیسکی
George Modelski, (1978) "The Long Cycle of Global politics and the Nations-State." Comparative Studies in Society and History Vol. 20, No. 2, 217.

ئایا ئەمریکا لە چ قۆناغێکدایە؟ بە دیدی زۆرێک لە چاودێران ئەمریکا لە قۆناغی دوەمدایە کە وڵاتان ئامادەن لە ئەجێندای لابدەن، یان ڕێگری بۆ دابینێن و سنورداری بکەن، یان فشار بخەنە سەری. بۆ نمونە دەکرێت پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٠٣ وە هەتا ئەمڕۆ لەم ڕوانگەیە بخوێندرێتەوە. کاتێک تورکیا لە ٢٠٠٣ ڕێگەی بە ئەمریکا نەدا هەتا خاک و بنکەکانی بەکاربهێنێت بۆ شەڕی عێراق. ئەم ڕوداوە چەندین جاری تر بە شێوازی جیاواز دوبارە بوەتەوە لە داخستنی بنکەی ئەنرچەلیک و دروستبونی کێشە لە نێوان ئەمریکا و تورکیادا. ئەگەر لە ئێران بنواڕین لەم روانگەیەوە، دەبینین کە ئێران لە پاش شکستی ئەمریکا لە عێراق بە شێوەیەکی زۆر ئاگایانەو ستراتیژیانە کار لە سەر ڕێگری و دژایەتی ئەمریکا دەکات لە ناوچەکەدا، بە سودبینین لە هەڵسوکەوتەکانی ئەمریکا. بۆیە پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا سەرباری دژایەتی ئاشکرا لە ساڵی ١٩٧٩وە بەلام لە چەندین قۆناغدا هاوکاریکردنی یەکتریان کردوە، بۆ نمونە لە ئەفغانستان و عێراق. وورد ووردە هەڵکشانی پێگەی ئێران، ڕاستەوخۆ بە مانای لاوازبونی زلهێزێتی ئەمریکا دێت. سەرنەکەوتنی ئەمریکا لە عێراق، راستەوخۆ لە قازانجی ئێران شکایەوە. ئەم دۆخەش زەمینەی زیاتر لە بارکرد بۆ مانۆڕی ئێرانی و بەدەستهێنانی هێز و سەرچاوەی هێزی تر لە ناوچەکەدا. ئەگەر ئەمریکا ئیمپراتۆریەتێکی نادیاری جیهانیە، ئەوا بە هەمان شێوە ئێرانیش ئیمپراتۆریەتێکی ناوچەییە.

ئەم پاشخانە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەمریکا لە میانەی سیاسەتی بەرگریکردن لە مانەوەی خۆی وەک هێزێکی جیهانی، دەبێت سنورێک بۆ هەژمونیەتی ئێران دابنێت لە هەستیارترین ناوچەی جیهاندا. چونکە وەک لە تیۆرەی سوڕی گەورەدا دەیبینین مانەو و بەهێزبونی ئێران دەبێتە یەکێک لە ئەو هاوپەیمانیەی کە ئەگەری دروستبونی هەیە لە داهاتودا دژ بە ئەمریکا. ئێمە ئێستا بە ڕونی سەرەتاکانی ئەم دیاردەیە دەبینین.

لێرەدا ئامازە بە دوو هێز دەدەین: یەکەمیان میحوەری سێینەی ورچ و ئەژدیها و پشیلە، کە سێ سیمبولی وڵاتانی روسیا و چین و ئێرانن دوەمیان سەرهەڵدانی پۆل یان گروپی باکورو باشورە، لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیادا.

سەرەتا پوختەیەکی میحوەری سێینە کە لە ورچ و ئەژدیها و پشیلە پێکدێت.[١٠] بە پێی تێزەکەی ئەم دوو توێژەرە ئەمڕۆ چین و روسیا، ئێران دەپارێزن لە داخران،

[١٠]. ئەم تێزە ناوی کتێبێکە لە لایەن دوو لێکۆڵەرەی ئێرانی دایانا ئەسفاندیاری و ئاریان تەباتەباییەوە نوسراوە .

یان گۆشەگیری، کە ئەمریکاو وڵاتانی ناوچەکە دەیانەوێت بە سەریدا بسەپێنن. ئەم سێ هێزە کۆمەڵێک هاوبەشییان لە نێواندا هەیە، لەوانەش: هەر سێ نەیاری ئەمریکا و ڕۆژئاوان، هەرسێ وەک نەیار و مەترسی بۆ سەر ئەمریکاو ڕۆژئاوا لێکدەدرێنەوە. هەرسێکیان لە ژێر فشارو ئابلۆقەدان لە لایەن ڕۆژئاواوە. هەرسێکیان دەیانەوێت ئاڵنگاری بۆ سیستەمی نێودەوڵەتی دروست بکەن، کە لە لایەن ئەمریک و ڕۆژئاواوە بەڕێوەدەبرێت. لە ئاستێکی تردا ئەم سێ هێزە، پاشخان و خەسڵەت و جوگرافیای هاوبەشییان هەیە. چین و ئێران و روسیا لەیەکترەوە نزیکن. هەر سێ وڵات خاوەن پاشخانێکی ئیمپراتۆریین کە کاریگەری گەورەی هەیە لە سەر ڕەفتار و هەڵسوکەوتیان لە گەڵ وڵاتانی تری دونی و بە تایبەت وڵاتانی تری ناوچەکە. ئیمپراتۆرەکان هەمیشە هەوڵ ئەدەن شەڕ ڕاستەوخۆ لە خۆیان و خاکیان بە دوور بگرن، بە زۆری ئەوانی تر بەکاربهێنن بۆ گەیشتن بە ئامرازەکانیان. هەروەها هەر سێ وڵات شوڕشین و لەئەنجامی شۆڕش دروستبون. هاوکات سیاسەتی شۆڕشگێرانە لە ناوەوە لە دونیادا پەیرەودەکەن. شۆڕشیش بە مانای گۆرانکاری و دژایەتی و دابەشکردنی دونیا بە سەر بەرەدا.

**لێرەدا پرسیارێک دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە ئایا چ جۆرە پەیوەندییەک لە نێوان ئەم سێ وڵاتەدا هەیە؟ ئایا دەتوانن هاوپەیمانییەک پێکبهێنن؟.**

**ئایا لە سایەی سێینەی ستراتیژیدا، تەوەرێکی سێینە دێتە ئاراوە؟**

چین و ئێران و روسیا هەریەکەو خاوەن خەسڵەتی تایبەتی خۆیانن. سەربارى بونی نەیاری هاوبەش بەڵام ئەگەری بونیان بە بەرەیەک سەختە. چونکە هەر یەک لەو سێ وڵاتە ئەجێندای تایبەتی خۆی هەیە لە دونیادا بە تایبەتی لە پەیوەندی بە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاوە. یەکەم، هیچ کام لەو سێ وڵاتە دوژمنایەتی و روبەروبونەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکای ناوێت. دووەم، هیچ کام لەو سێ وڵاتە نایەوێت سودمەند نەبێت لە ئابوری ئەمریکی و سیستەمی لیبراڵی ئەمریکی لە دونیادا. وەک دەبینین ئەمرۆ چین لە ئەمریکا زیاتر خەمی سیستەمی بازرگانی جیهانیەتی بەم شێوەی ئیستای کە بەرهەمی لیبرالیزم و نیولیبرالیزمە. سەرکردە چینیەکان بەردەوام داکۆکی لە سیستەمی لیبرال دەکەنەوە لە جیهاندا،

---

Tabatabai, Ariane and Esfandiary, Diana (2018) Triple-Axis: Iran's Relations with Russia and China, I.B Tauris

چونکە ئەمرۆ سودمەندی یەکەمن لێی. بە هەمانشێوە بۆ روسیا، ئەمڕۆ روسیا جگە لە نەوت و غاز، هێندە کاڵای تر بەرهەم ناهێنێت. ئابوری نەوت و غازیش لە هەموو جۆرێکی تری ئابوری زیاتر پێویستی بە بازاڕی جیهانیە و ب ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دۆخی بازاڕی جیهانیەوە. بۆیە دەکرێت بڵێین کە نەوت و غاز یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە. بۆ نمونە کاتێک روس بە هانای کوردستانەوە دێت لە دوای٢٠١٦ەوە تەنها هاوکاری نیە، بەڵکو بەشێکە لەو پرۆسەیەی کە چۆن سیاسەتی دەرەوە و نەوت و غاز و بەکاردەهێنێت بۆ ئامانجی سیاسەتی وزەی خۆی. ڕەنگە پێویست بکات پرسەکە زیاتر ڕون بکەینەوە. ئەگەر کوردستان وەک کەیسێك وەربگرین کە چۆن روسیا مامەڵە لە گەڵ سامانی سروشتی دەکات بۆ دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی، چۆن سیاسەتی دەرەوەی دەخاتە خزمەت سیاسەتی وزەی. روس لە ٢٠١٠ەوە هەوڵی دروستکردنی پەیوەندی دەدەن لە گەڵ هەرێمدا. بەڵام روس کاتێک هەرێم توشی قەیران دەبێت لە ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٦ بڕی ٢٠ بۆ ٢٥ بلیون دۆلار قەرز بە هەرێم دەدات. هەرێم ئەو کاتە ئامادەبوو کە کێڵگەی نەوت بە تورکیا بدات لە بەرامبەر ٥ بلیون دۆلار، هەروەها لە هەمانکاتدا هەمان ئۆفەر بۆ ئەمریکیەکان کرابوو، بەڵام هیچکامیان ئامادەنەبون قبوڵی بکەن. بۆ روسەکان ئەمە دەرفەت بوو کە چۆن ببێت بە خاوەن ژێرخان لە هەرێم وەک لە بلیۆن دۆلاری پرۆژەی ڕاکیشانی بۆڕی غازدا خۆی دەبینێتەوە. روسەکان ئامانجیان لەم پرۆژەیە تەنها هاوکاری هەرێم نەبوو بەڵکو ئامانجی سەرەکییان هەبونی دەستە لە سەرچاوەکانی تری غاز لە نزیک سنوری ئەوروپا. بە ئامانجی ئەوەی کە رێگری بکەن لە سەرهەڵدانی هەر سەرچاوەیەکی تری غاز لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەوان. وەک دەزانین کە یەکێتی ئەوروپا یەکێك لە سیاسەتەکانی بۆ لە سیاسەت خستنی دابینکردنی وزە پلانێکە کە بە فرە سەرچاوەییکردن ،یان داڤێرسیفیکەیشن ناسراوە. کاتێک روس دەبنە خاوەن بۆڕی گواستنەوەی غاز و کێڵگە و قەرزێکی زۆر دەدەن بە هەرێم، ئەوا چیدی ناتوانرێت هەرێم وەک سەرچاوەیەکی تری جیاواز لە روسیا لە قەڵەم بدرێت. بەمجۆرە هەرێم ئەو خەسڵەتەی لە دەست دەدات کە چیدی ببێتە سەرچاوەی غاز، جیاواز لە روسیا، بۆ ئەوروپا.

دەبینین بونی غاز و نەوت ڕەنگە ببێتە هۆکاری کێشە لە نێوان روسیا و ئێرانیش کاتێک ئێران وڵاتێکی خاوەن برێکی غازی زۆرە. روسەکان بە هیچ شێوەیەک خۆشحاڵ نین کە ئێرانیەکان ببن بە سەرچاوەیەکی دابینکردنی غاز بۆ ئەوروپا، هەروەها بۆ چینیش. هەبونی مێژویەکی خراپی دوور و پڕ لە کێشە لە نێوان ئێران

و روسیا یەکێکە لە هۆکارەکانی دروست نەبونی هاوپەیمانی لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا.

دەتوانین بڵێین لە بەر کۆمەڵێک هۆکار: یەکەم، خەونی جیاوازی هەر یەک لە سێ وڵاتەکە. دووەم، گەورەیی و کاریگەری ئەمریکا لە سەر دونی و هەریەک لەم وڵاتانە. سێیەم، بونی دیدی جیاواز لە نێوان هەریەک لەم وڵاتانەدا دەربارەی پێگەو و ڕۆڵیان و بەرژەوەندییان لە دونیادا. چوارهەم، بونی مێژویەکی قەیراناوی لە نێوان ئەم وڵاتانەدا ڕێگەرە لەوەی کە هاوپەیمانیەک بێتە ئاراوە.

(دینا ئەسفەندیاری و ئاریان تەباتەبایی) ئارگومێنتی ئەوەی دەهێننەوە کە لە بەر بونی ڕێککەوتنی ئەتۆمی لە نێوان ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەکدا ئەوا ئەگەر ئەمریکا هەوڵی گۆشەگیری ئێران بدات، لە ئەنجامدا بە هۆی نارەزایی یەکێتی ئەوروپا و پشتیوانی چین و روسیا، لە بڕی ئێران ئەمریکا توشی گۆشەگیری دەبێت. بەڵام ئەم دیدە گەر لە ڕوی تیۆرەییەوە، بە تایبەتی پێش ئەوەی ووردبینەوە لە وردەکارییەکان، وەها دەربکەوێت کە گونجاوە، بەڵام لە واقیعدا وەها نیە. نە ئەوروپا و نە چین و نە روسیا ئامادەنین لە بەر ئێران خۆیان توشی قەیران بکەن لە گەڵ ئەمریکادا.

لێرەدا گونجاوە کە باس لە خەسڵەتێکی سیاسەتی دەرەوەی چینی بکەین ئەویش نەبونی هاوپەیمانییە. کە بە پێچەوانەوە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پاش جەنگی جیهانی دوەمەوە زیاتر سیاسەتی هاوپەیمانی بوە. چیناسی گەورە (ڕیتچارد بوش) ئەم بەراوردەمان بۆ ئەکات. هاوپەیمانی، ئەلایەنس، جیاوازە لە پارتنتەرشپ، لە چەند ڕویەکەوە. هاوپەیمانی هەمیشە پەیوەندیەکی نزیکترە لە سەر بنەمای ڕێککەوتن لە نێوان دوو لایەن یان زیاتردا دێتە ئاراوە، کە هەمو لایەنەکان لە سەر کۆمەڵێک بنەما ڕێک دەکەون، کە مەرجی هاوپەیمانی ئەوەیە کە دەبێت پێکەوە پەیوەست بن. خەسڵەتێکی تری هاوپەیمانی ئەوەیە کە هەمیشە لە سەر بنەمای ئەوەیە کە بەرامبەر لایەنێک یان هێزێکی ترە. بەم پێیە هاوپەیمانی هەمیشە پەیوەست بون و نەیا و سنوردارێتی هەیە. ئەمە وەها دەکات بۆ نمونە کاتێک ئەگەر ئەمریکا هاوپەیمانی سعودییە بێت نەتوانێت لە هەمانکاتدا هاوپەیمانی هەبێت لە گەڵ ئێراندا. دەبێت لێرەدا ئاماژە بە خەسڵەتی هێز بکەین. وەها دەردەکەوێت کە هەمیشە هاوپەیمانی لە سەر بنەمای کۆبونەوە لە دەوری هێزێک دروست دەبێت، کە ئەوانەی لە دەوری کۆبونەوەتەوە،

جۆرێک لە دڵنیایی یان سکیوریتییان هەیە کە هەمیشە پشتیوانی دەکرێن. بۆ نمونە ڕەنگە ناتۆ یەکێک بێت لە جۆرەکانی هاوپەیمانی باڵا.

بەڵام سەرباری ئەمە دەکرێت باس لە هاتنە ئارای دوو پۆل لە وڵاتان بکەین لە باکور و باشوری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پۆلی باکور پێکهاتوە لە وڵاتانی وەک تورکیا، روسیا، ئێران لە گەڵ ئاسیای ناوەند.[11]

(سەرکان یاڵچین) پەرە بەم تێزە دەدات بەلای ئەوەوە دەوڵەتان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست چیدی تەنها لە سەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تایفی لەیەکتر نزیک نابنەوە، بەڵکو لە سەر دوو هێڵی دژ بەیەک لەیەکتر نزیک دەبنەوە: هێڵی یەکەم کە پۆلە وڵاتانی باکورە کە ئێران و تورکیا و روسیا و وڵاتانی ئاسیای ناوەند کۆدەکاتەوە. پۆلی دوەم بریتیە کە بە پۆلی باشور ناسراوە؛ کە لە وڵاتانی وەک نیمچە کەنداوی عەرەبی، کەنارەکانی باشوری ئاسیا، خۆرهەڵاتی ئەفریقا یان شاخی ئەفریقا لە گەڵ باشوری دەریای ناوەڕاست، پێک دێت.

پۆلی باکور کاریی پێکەوەییان دەکرێت لە کۆنفراسی ئەستانەدا ببینرێت. پێکەوەبونی تورکیا و ئێران و روسیا دەرئەنجامی ئاڵۆزبون و تێکچونی پەیوەندی نێوان تورکیا و ئەمریکایە، لەگەڵ بونی خەونی روسی بۆ کێشە دروستکردن بۆ ئەمریکا و سنور بۆ دانانی لە گەڵ دۆخی پڕ قەیرانی ئێران لە گەڵ ئەمریکادا. ئەگەر لە جوگرافیای ئەم وڵاتانە بنوارێت دەبینیت بە ڕونی ئەو بەشە پێکدەهێنن لە پرۆژەی گەورەی ڕێگای ئاوریشمی نوێدا کە بە پشتێنە ناسراوە. ئەم وڵاتانە کەوتونەتە نیوان چین و یەکێتی ئەوروپاوە، وەک دوو ناوەندی گرنگ. هەماهەنگی و ئاسانکاری لە نێوان ئەم وڵاتانەدا دەبێتە هۆکاری ئاسانکاری ڕاکێشانی بۆری غاز و نەوت، هێڵی شەمەندەفەر، لە گەڵ ڕێگای خێرادا. بە تایبەتی پاش چارەسەرکردنی ململانێکانی نێوان وڵاتانی سەر دەریاچەی قەزوین.

لە بەرامبەر ئەمەدا پۆلی باشور دێت کە سعودیە و ئیمارات سەرقافڵەیی دەکەن. هەریەک لەم دوو وڵاتە بە بونی داهاتێکی زۆرەوە دەیانەوێت وڵاتانی هەژاری وەک میسر و ئوردون و یەمەن و ئەسیوپیا و پاکستان بهێننە نێو پۆلەکەیانەوە. ئەم پۆلە لە وڵاتانە بەشی دەریایی ڕێگای ئاوریشمی نوێ پێکدەهێنن. بە هەمانشێوە لە روی جوگرافییەوە دەکەونە نێوان چین و ئەوروپاوە. بایەخی ئەم ناوەندە لەو جەنجاڵی

[11]. Yolaçan, Serkan 2019 Prospects for the Asian Century, MEI Insight 200 https://mei.nus.edu.sg/wp-content/uploads/2019/02/Serkan-A-New-Order_28Feb2019-converted-2.pdf

و بایەخە ستراتیژیەی دەریای سوردا دەیبینین. دەریای سور ئەمڕۆ ئەو جێگایەیە کە هەموو هێزە جیهانیەکان ئامادەیی سەربازی و بنەکەیان هەیە تیایدا کە بەگشتی لە وڵاتی جیبۆتیدا کۆبوەتەوە.

ئەگەر لەم ئەم دوو بەرە بنواڕین دەبینین بنەماکەیان لە سەر ئەو ململانێ کۆنە بونیادنراوە کە جیاکاری دەکات لە نێوان هێزی وشکانی و هێزی دەریایی. ناوچەی وشکانی ئەمڕۆ وەک سەدەکانی پێشوو نیە لە ڕێگای کەرەستەی خاو تەکنەلۆجیاوە دەکرێت پانتاییەکی گواستنەوەی خێرابێت. لە هەمانکاتدا هەوڵێکە بۆ خۆ دوورگرتن یان دەربازبون لەو زاڵییەی کە ئەمریکا هەیەتی بە سەر دەریادا. هەوڵی چین لە پاکستان لە سەر ئەم بنەمایەیە.

وەک ڕونە کە پۆلی باکور رکەبەر یان نەیاری ئەمریکا دەبێت بەڵام بە پێچەوانەوە پۆلی باشور دۆست یان نزیک لە ئەمریکا دەبێت. بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە هەردوو پۆلەکە دەیانەوێت سودمەندبن لە گەشەی چین. بەم پێیە کێبرکێکە زیاتر تەبایە لە گەڵ گۆرانکاری لە ئاستی گەشەی زلهێزەکانی دونیا و ئەگری گەڕانەوە بۆ سەردەمی ململانێی زلهێزەکانی لە ئاستی جیهاندا.

سەرباری ئەم دوو جۆرە لە هاوپەیمانی دەبێت باس لە ململانێیەکی ستراتیژی بکەین کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لە سەر ئەم هاوپەیمانیانە هەیە ئەویش چەمکی سێینەی ستراتیژیە.

**چەمکی سێینەی ستراتیژی**

یەکێک لەو چەمکانەی ئەمڕۆ برەوی هەیە چەمکی سێینەی ستراتیژیە. مەبەست لەم چەمکە ئەوەیە کە هەر سێ وڵاتانی ئەمریکا و چین و روسیا لە پەیوەندییەکی ململانێی ستراتیژیدان. هەر یەکەیان لە گەڵ یەکتردا پەیوەندیەکی تایبەتیان هەیە، لە هەمانکاتدا کێشەی تایبەتیان هەیە. لە هەمانکاتدا چین و روسیا هەریەک لە دیدی خۆیەوە لە ئەمریکا دەڕوانێت.

کێشەکانی نێوان چین و روسیا کێشەی ڕاستەقینە و زۆرن، بەڵام هەردولا لە ئێستادا خۆیان لە کێشەکان بە دوور دەگرن و هەوڵی ئەوە ئەدەن کە زیاتر لەیەکتر نزیک ببنەوە و وەک هاوپەیمانێک دەرکەون. پاڵنەری سەرەکی ئەمەش ئەو تێگەیشتنە بەهادارەیە (نۆرماتیڤ) دەربارەی دۆخی سیاسەتی جیهانی و دۆخی ناوخۆیی هەردوو وڵات.

هەردوو وڵات دژ بە دەست تێوەردانی ڕۆژئاوان لە کاروباری ناوخۆیان، هەروەها دژ بە دەستوەردانی ڕۆژئاوان لە وڵاتانی تریش. هەردوو وڵات دژ بە باڵادەستی ڕۆژئاوان بە سەر ئابوری جیهاندا، هەروەها دیموکراسی وەها دەبینن کە بریتیە لە دەسەڵاتی وڵاتان، نەک دەسەڵاتی خەڵکی وڵاتان.

لێکنزیکبونەوەی ئەم دوو وڵاتە دەرئەنجامی شکستی ئەمریکا نیە، هێندە ئەوەی دەرئەنجامی دۆخی ئاسایشی خۆیانە. لە کاتێکدا هەریەک لە دوو وڵات بە جۆری تایبەت پەیوەستن بە ئەمریکاوە بەڵام پەیوەندییان بە ئەمریکاوە هەرگیز جێگەی پەیوەندی نێوانیان ناگرێتەوە.[١٢]

**ئایا ئەمریکا چ جۆرە ئێرانێکی دەوێت؟**

بە پێی (مایک پۆمپیو) ئەمریکا دەخوازێت ئێران وڵاتێکی ئاسایی، یان نۆرماڵ بێت[١٣]. ئەی دەبێت مەبەست لە نۆرماڵ چی بێت؟. بۆ تێگەیشتن لەمە دەبێت هەندێک بگەڕێینەوە دواوە. لە مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٦٧ سەرۆک وەزیرانی بەریتانیا(هارۆڵد ویڵسۆن) بڕیاریدا کە هێزی بەریتانی لە ڕۆژهەڵاتی کەناڵی سوێس بکشێنێتەوە. لە ئەوە ڕۆژگارەدا کە ڕۆژگاری شەڕی ساردبو، ئەم هەنگاوە یەکسەر وەها لێکدەدرایەوە کە کشانەوەی بەریتانیا یەکسەر لە لایەن سۆڤیەتەوە پڕ دەکرێتەوە. وەک (مایکڵ کلێر) لە گۆڤاری نیوئینتەرناشنالیستدا باسی دەکات[١٤].

ئەم بڕیارەی بەریتانیا بو بە هۆی شڵەژانی ئەمریکا. کۆتایی شەستەکان ئەمریکا لە دۆخێکی باشدا نەبوو، چونکە بە دەست شەڕی ڤێتنامەوە دەیناڵاند و لە ناو ئەمریکا خۆشیدا دژایەتی بۆ دەستوەردانی سەربازی لە برەودا بوو. بەڵام ئەمریکاییەکان نەیان دەتوانی کەنداوی فارسی لە بۆشاییدا بەجێبهێڵن. بۆیە دوو پۆڵەسی برەوی پێدرا: یەکەم دۆزینەوەی لایەنێک یان وڵاتێک لە ناوچەکەدا کە بتوانێت هاوکاری ئەمریکا بێت بۆ پاراستنی ناوچەکە. دووەم، دەستکردن بە ئامادەبونی ئەمریکا لە ناوچەکە.
ئەم سیاسەتە وەهایکرد کە ئێران ببێتە ئەو وڵاتەی کە لە لایەن ئەمریکاوە هەڵبژێردرێت هەتا ببێتە پارێزەری ئاسایشی کەنداو. لە بەرامبەر ئەم ڕۆڵەدا

---

12. https://www.nbr.org/publication/the-new-china-russia-u-s-triangle/

13. https://www.reuters.com/article/us-usa-iran-switzerland-idUSKCN1T30DT?fbclid=IwAR1y59EO97Hyp5eV5G9feyzd3z1021OAcfEeWMx5eo-ygpTdQr-VanPJF4E

14. https://newint.org/features/1980/09/01/militarymadness

ئێران لە لایەن ئەمریکاوە پشتگیری دەکرا و بڕی ئێجگار زۆری چەکی پێدەفرۆشرا. وەک لە سەردانەکەی (ریچارد نیکسۆن)دا بۆ لای (محەمەد رەزا شا) لە ساڵی ١٩٧٢دا دەردەکەوێت، کە گەورەترین رێککەوتنی چەک فرۆشتن لە نێوان دوو وڵاتدا واژۆ کراوە[١٥].

ئەم هەوڵەی ئەمریکا لە لایەن شاوە بە شێوەیکی جیاواز تێگەیشتنی بۆ کرا. شا ئەم دۆخەی بۆ ئەوەی قۆزتەوە کە مەزنێتی خۆی پێشان بدات. لە ئەنجامدا خەرجی چەک کڕین لە پڕ لە چەند سەد ملیون دۆلارەوە فڕی بۆ بلیۆن دۆلار و لە ناوەوە یئێران بە پرۆسەیەکی مۆدرێنکردنی خێرادا تێپەڕی. ئەمە بنەمای ڕوخانی شا بوو لە ئەنجامدا.

ئێرانیەکان لەوە تێنەدەگەیشتن کە ئەوان لە لایەن ئەمریکاوە ڕۆڵێکیان پێسپێردراوە و پڕ چەککردنیان بۆ ئەو ئەو ڕۆڵەیە. هەرچەندە پرۆسەی سوڕی دۆلار هەمیشە لە ئارادایە ئەگەر لە ڕوانگەی ئابوری سیاسیەوە لێی بنواڕین. لە ئەنجامدا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٠ بۆ ١٩٧٨ شا بڕی ٢٠ بلیۆن دۆلار چەکی کڕی.

ئەم ڕۆڵەی شا و پشتیوانی ئەمریکا بۆ هۆکاری ئەوەی کە ئەمریکا لە کاتێکدا پشتیوانی شا بکات بە هەمو شێوەیەک لە پێناو مانەوەیدا، ئەمە بە مانای ئەوە دەهات کە هاوکاری شا بێت دژ بە نەیارەکانی. لە هەمانکاتدا بێدەنگ بێت بەرامبەر هەمو پێشێلکارییەکانی شا. لە ئەنجامدا کۆی ئەم پرۆسەیە، بە فیرۆدانی سامان، لە خۆ بایی بونی شا، گۆڕان لە کۆمەڵگای ئێرانیدا، لەگەڵ سەرکوتکەرێتی رژێمی شا، زەمینەیان بۆ شۆرشی ئێرانی دابینکرد.

لێکۆڵەری ئێرانی (پویا عالی مەقام) لە زانکۆی (ئێم ئای تی) لە وەڵامی داخوازییەکەی (مایک پۆمپیو)دا بەوەی کە ئێران دەبێت ئاسایی مامەڵە بکات دەپرسێت ئایا مامەڵەی نۆرماڵ یانی چی؟[١٦].

پویا بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە، وەک مێژونوسێک، لە مێژوو و ئێستای دۆستەکانی ئەمریکا دەنواڕێت لە ناوچەکە. گوایە، ئێرانی شا وڵاتێکی نۆرماڵ بوو، یان سعودییە، یان ئیسرائیل یان جەنراڵ حەفتەری لیبیا، یان ئەوانیتر. دیارە وەڵامەکە بەو ئاسانیە نیە. وەک چۆن لە دۆخی شادا بینیمان، شا دەخوازرا بەهێزبکرێت لە لایەن ئەمریکاوە، بەڵام ئەوە خواستی شا خۆی بوو کە ببێتە ئیمپراتۆر و سەرکوتکەر، پاشان لە لایەن ئەمریکاوە چاوپۆشی و پشتیوانی لێکرا،

---

[15]. Stephen McGlinchey 2013 Richard Nixon's Road to Tehran: The Making of the U.S.–Iran Arms Agreement of May 1972, *Diplomatic History*, Volume 37, Issue 4, September 2013, Pages 841–860.

[16]. https://lobelog.com/americas-standard-of-normal-nation-in-the-middle-east/

چونکە بیرکردنەوەی ئەمریکی بە ئامانجی قازانجی خۆیەتی لەگەڵ هێشتنەوەی بنەماکانی بەڕێوەچونی سیستەمی سیکیوریتی.
بەم پێیە خواستی ئەمریکا بۆ نۆرماڵ بونی ئێران لە ئەمڕۆدا جیاوازە. ئەمریکا دەیەوێت ئێران دژایەتی ئەمریکا نەکات، بکرێتەوە بە سەر بازاڕی جیهاند، لە دەرەوەی سیستەمی جیهانی نەبێت. بەڵام هەمیشە ئاسان نیە بڵێین ئەمریکا چی دەوێت، چونکە لە ئەمریکا گروپی جیاواز هەن و هەریەک لەم گروپانە بەرژەوەندی و دیدی جیاوازیان هەیە و لە ئەنجامدا مامەڵەیان بۆ ئێران جیاوازە. بەڵام بە گشتی ئەوەی کە پۆمپیو داوای دەکات لە نۆرماڵ بون، لە لایەن ئێرانەوە وەها لێکدەدرێتەوە کە دەبێتە هۆکاری نەمانیان. بە تایبەتی کاتێک کە پۆمپیو لە گروپە توندڕەوکەی نەیاری ئێرانە لە ناو ئیدارەی ئەمریکیدا.
داواکردن لە ئێران بۆ نۆرماڵ بون لە ئێران بە مانای نۆرماڵ نەبونی ئێران دێت. ئەمە لە لایەک سوکایەتیە، لە لایەکی تر دروستکردنی بەرەیە. ئەم بەرەیە لە ناوچەی کەنداو لە نێوان سعودییە و ئێراندایە، کە هەردو دەخوازن وڵاتی باڵا و خاوەن هەژمونیەت بن لە ناوچەکەدا. بە جۆرێک کە بەهێزبونی لایەک وەک مەترسی و لاوازییە بۆ لایەکەی تر. (دلیپ هیرۆ) ئەم ململانێیە ناودەنێت جەنگی ساردی جیهانی ئیسلامی. یەکێک لە دەرئەنجامەکانی ئەم جەنگی ساردەی نێوان ئێران و سعودییە، گۆڕینی شەڕەکەیە لە شەڕی دوو وڵاتەوە بۆ شەڕێکی تایفی کە سەرتاپای جیهانی ئیسلامی گرتوەتەوە، بەجۆرێک وڵاتانی وەک ئوردون، مەغریب، ئەندەنوسیا، میسر، کە ڕێژەی شیعە تیایاندا نزیکەی یەک لە سەدە، کامپەینی دژە شیعە بە گوڕ لە ئارادایە. خوێندنەوەی من بۆ ئەمە زیاتر ڕەهەندێک ئابوری هەیە بۆ خۆ نزیککردنەوە لە سعودییە و ئیمارات و بە دەستهێنانی پارە و پشتیوانی لە جەنگێکدا دژ بە خەڵکانیک کە بونیان نیە. بەمانایەکی تر بە دەستهێنانی سامان لە جەنگێکی وەهمیدا. بەڵام ئەم جەنگە لە جێگاکانی تری وەک عێراق، لوبنان، سوریا، بەحرەین جەنگێکی خوێناوی بەرفراوانە. ناوەندی سیپاد ناوەندێکی نوێیە کە بەیاخ بەم بوارە ئەدات. [١٧]

### ئیسرائیل و ئێران

(ئاموس یادلینمەیجەر) جێنراڵی خانەنشین کە فرۆکەوانی ئەو فرۆکەیە بوو لە بنکە ئەتۆمیەکانی تەموزی عێراقیدا، لەگەڵ (ئاری هایشتاین)، کە فرۆکەوانی ئەو

---

[17] . https://www.sepad.org.uk

فرۆکەیە بوو کە لە کارگەی چەکی کیمیاوی سوریایدا. ئەمان چەند سیناریۆیەکیان دەربارەی پەیوەندی نێوان ئێران و ئیسرائیل دارشتوە.[18]

یەکەم، ئەگەر ئێران بە هەرەشە و لێدانی بەرژەوەندی سعودیی و ئیماراتی هەست دەکات روبەروی وەڵامدانەوە نابێتەوە، وەک لە فجێرە و چەند جێگایەکی تر بینیمان، ئەوا دۆخەکە لە گەڵ ئیسرائیلدا جیاوازە. ئەگەر ئێران راستەوخۆ یان لە رێگای حیزبوڵاوە بێت ئەوا ئیسرائیل، وەک لە سوریا دەیبینین، بەبێ وەڵام نابێت، چونکە ئیسرائیل ناتوانێت لە گەڵ ئەو بارە دەرونیەدا بژی کە هێرشی دەکرێتە سەرو بێ وەڵامە. ئەمە بەشێکە لە سایکۆلۆجیای دەوڵەتی ئیسرائیلی. ئەم رەفتارەی ئیسرائیل رەنگە ببێتە هۆکاری ئەوە کە پرۆکسیەکانی ئێران بە ئاگاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخەدا بکەن. چونکە بە هەڵسەنگاندنی رەنگە زیانی لە سودی زیاتربێت، ئەمە لە دۆخێکدا کە دەنگۆی ئەوە هەیە کە ئێران توانای پشتیوانی دارایی بۆ ئەو هێزانە لاوازبوە، بەهۆی ئەو دۆخە ئابوریە سەختەی روبەروی بوەتەوە.
ئیسرائیل ئەو وڵاتەیە کە لە هەمو وڵاتانی تری ناوچەکە زیاتر کەوتوەتە نێوان بەرداشی ئێران و ئەمریکاوە، بەهێزبونی ئەمریکا لە قازانجیەتی بەڵام بەبێ کێشە نیە، لاوازبونی ئێرانیش لە سودیەتی بەڵام دیسانەوە بەبێ کێشە نیە.

18 . https://warontherocks.com/2019/06/what-do-u-s-iranian-tensions-mean-for-israel/

**دەرئەنجامەکان**

هەڵمەتی ئەمریکا، یان ئیدارەی ترەمپ بۆ سەر ئێران، بەشێکە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەکە. چەمکی ئەوپەڕی فشار بۆ ناچارکردنی نەیاران ئەو چەمکەیە کە ئەم ئیدارەیە پیادەی دەکات. ئابلۆقە و هەڕەشەی سەربازی و هێرشی ئیعلامی هەموو ئامرازی پیادەکردنی ئەو پەڕی فشارن. وەها دەردەکەوێت کە ئامانجی سەرەکی سیاسەتی ئەوپەڕی فشار، شەڕ نەبێت هێندەی ئەوەی کە ناچارکردنی وڵاتی نەیارە بۆ قبوڵکردنی مەرجەکانی ئەمریکا ،یان هاتنە سەر مێزی دانوستان. ڕازیبون دوای فشار بۆ دانوستان، هەر لە سەرەتاوە جۆرێک لە تەسلیمبونی پێوەدیارە. هێشتا ڕوون نیە ئەگەر هاتوو وڵاتانی بە ئامانجکراو ئەگەر هاتوو بەرگەی فشاریان گرت، یان نەهاتنە ژێر بار ئەوا ئەمریکا هەتا چەند پشوی درێژە لەوبارەوە. لە هەمانکاتدا دەکرێت فشار بۆ سەر ئێران و کۆریا وەها ببینرێت کە ئەمریکا هەست دەکات ئاڵنگاری بۆ دروست دەبێت لە دونیادا، ئەمریکا هەست دەکات کە ئاڵنگاری بۆ دروست دەبێت لە ئاستی خاک و هەواو ئاو و سایبەر و بۆشاییدا رکەبەری دەکرێت. ئەم دۆخە ئەگەر ڕێگری نەکرێت، یان سنوری بۆ دانەنرێت لە سەردەمی سەرهەڵدانی هێزی تری جیهانی، ئەوا بەرەو ئەوا دەڕوات کە ببێتە بەربەست لە بەردەم باڵادەستی ئەمریکا لە دونیادا. ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست جێگایەکی ستراتیژیە بۆ ئەنجامدانی ململانێی زلهێزەکان. ئەمریکا و چین و روسیا بەباشی لەمە ئاگادارن. مانەوەی ئێران لە دەرەوەی سیستەمی ئەمریکی ڕەنگە بەرەو ئەوە بروات کە ببێتە مەترسی. لە رابردودا بونی ئێران، وەک مەترسیەک بە سودبوە بۆ سیستەمی کۆنترۆڵی ئەمریکی و هەروەها بۆ ڕێگری لەئەوانیتر بیر لەداڕشتنی ئەندازیاری ئاسایش بکەنەوە لە ناوچەکە.

ئەمریکا سێ خاڵی بەهێزی هەیە لە سەپاندنی هەژمونیەتی بە سەر دونیادا، پارە، چەک لە گەڵ دیموکراسی. ئەمە لە هەمانکاتدا لە دوور مەودادا دەبێتە بەشێک لە شەڕی جیهانی لە ئاستی ژێرخان و وزە و ئابوری و پانتاییدا. هەمو ئەمانە لە پرۆسەی زەبەلاحی ڕێگەی ئاوریشمی نوێدا خوی دەبینێتەوە. ڕەنگە فشاری ئەمریکی ناوچەکەی گەیاندبێتە دۆخێک کە دەبێت براوە و دۆڕاو هەبێت، بە تایبەت لە دیدی وڵاتانی کەنداوەوە. بۆیە بەردەوام وڵاتانی کەنداو فشار دەکەن بۆ روبەروبونەوە ئەمە لە هەمانکاتدا ڕەهەندی زۆری هەیە لە ئاستی دارایی و ئابوری و بازرگانی و سیاسەتی ناوخۆی ئەمریکیدا. دەکرێت بپرسین کە ئایا ئەمریکا نیازی چیە؟. زۆر لایەن وەڵامی ئەم پرسیارەیان لەلا ڕون نیە. ڕەنگە ئیدارەی ترەمپ کۆمەڵێک ئامانجی هەنوکەیی و مامناوەندی و دوور مەودای هەبێت. بۆ نمونە هێنانی ئێران بۆ سەر مێزی دانوستان لە ئەنجامی فشار، بە سود

دەبێت بۆ گوتاری کەمپەینی ترەمپ کە ئەو ئەمریکای جارێکی تر مەزنکردەوە و هەمو نەیاران ملکەچ بوون. بەڵام لە مامناوەنددا ئەمریکا دەیەوێت رێککەوتنەکە بمرێت، بە تایبەت ئەگەر هاتوو ئیدارەی داهاتوو ترەمپیش نەبوو، نەتوانرێت بە ئاسانی ببوژێنرێتەوە. ئابلۆقە ئامرازێکە بۆ دابڕان و پوکانەوە: ئەمریکا دەیەوێت ئێران داببرێت لە دونیا، بە جۆرێک یان لە ناوەوە داڕوخێت وەک ڤەنزوێلا، یان ناچاربێت بێتە سەر مێزی دانوستان.

دەبێت ئەوە لە بەرچاو بگرین کە لە دوور مەودادا ئەگەر ئێران نەبێتە بەشێک لە بازاڕی جیهانی ئەوا لە دە ساڵی داهاتودا نەوت و غاز ئەو بایەخەیان نامێنێت هەتا ئێران بتوانێت ئەوەندە داهاتی لێدەستبکەوێت کە کۆمەڵگاکەی پێ ببوژێنێتەوە. لە ئەنجامدا لە دەساڵی داهاتودا ئێران دەبێتە وڵاتێکی ٩٠ ملیۆنی کەم دەرامەت. فشاری ئەمریکا کاریگەری دەبێت بۆ سەر سەرجەم وڵاتانی ناوچەکەو بگرە سیستەمی جیهانیش. لە کاتێکدا ئەگەری شەڕ یان هێرشی سەربازی بە شێوەیەکی فەرمی دورە بەڵام بە هۆکاری فشار و گەورەبونی بەریەککەوتنێک، یان هەڵسوکەوتی لایەنێکی پڕۆکسی ڕەنگە روبەڕوبونەوە روبدات. ئەمریکا لە ئێستادا ئەگەر هێرش بکرێتە سەر سوپا و بەرژەوەندییەکانی ئەگەری زۆرە بە گوڕی زۆرتر وەڵام بداتەوە. ئەمە وەڵامی توندە لە گەڵ خواستی پەنتاگۆن و وەزارەتی دەرەوە و کۆشکی سپیشدا تەبایە. بە تایبەتی ترەمپ بایەخی زۆر بە ئیعتبار دەدات. لە لایەکی ترەوە رەنگە ئابلۆقەی سەخت ببێتە هۆکاری ئەوەی کە روبەروبونەوە روبدات، یان لە ناوەوە ئێران کێشەی تیادا دروست بێت.

بە گشتی خواستی وڵاتانی ناوچەکە بە تایبەتی وڵاتانی کەنداوی فارس لەگەڵ ئیسرائیلدا گۆڕینی رژێمە لە ئێران. ئەم خواستە لە گەڵ خواستی روسیا و چین و تورکیادا نیە لە ئێستادا. بەڵام ئەگەری کەمە لە دۆخی روبەروبونەوەدا هیچ کام لەم وڵاتانە پشتی ئێران بگرن.

**بە گشتی ئەم بژاردانە لە ئارادان**

یەکەم، ئەگەر شەڕ و گۆڕینی رژێم ڕونەدات ئەوا ئەگەری فشار هەیە بۆ کشانەوەی ئێران لە سنورەکانی تورکیا، ئیسرائیل و ئوردون، کە یانی سوریا. ئەمریکا بۆ ئەوەی ئەمە فەراهەم بکات، ئەوا دەبێت لە سوریا فشار لە ئێران بکات، چ راستەوخۆ چ لە ڕێگای هاوپەیمانەکانیەوە. لە عێراقدا بە مانای پشتیوانی ئەو لایەنانە دێت کە دۆستی ئێران نین.

دووەم، ئیحتیوا (تەوقدان)، یان کۆنتەینمێنت. سیاسەتی ئیحتیوا لە هەردوو عێراق و سوریا فەراهەم دەبێت لە گەڵ کەنداوی فارسدا. لە هەردوو سوریا و عێراق کورد ڕۆڵێکی تایبەت دەبینین لە سیاسەتی ئیحتیوادا. بەڵام ئەم ڕۆڵە دەبێت بە ووردی بە ئاگاییەوە بێت. ئەمریکاییەکان لە جەختکردنەوە لە گەشتن بە ئامانجەکانیان چارەنوسی ئەوانی تریان هێندە لە لا بە بایەخ نیە.

سێیەم،( مۆدۆس ڤیڤاندی) یان دروستکردنی هاوسەنگی. ئۆباما بیری لەوە دەکردەوە کە دۆخێکی وەها لە نێوان شیعە و سوننەدا دروست بکات، کە هیچ کام دەست بۆ ئەوی تر نەبەن. هاوشێوەی ئەو دۆخەی کە لە جەنگی ساردا لە نێوان وڵاتانی خاوەن چەکی ئەتۆمی هاتە ئاراوە، کە پێی دەوترێت ماد، یانی مەترسی فەوتانی هەردولا. ئەم هاوسەنگیە ڕاگرتنی پێویستی بە هێزی زۆری وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکایە لە ناوچەکە.

چوارهەم، گەڕانەوە بۆ دانوستان. گەڕانەوە بۆ دانوستان لە ئێستادا بۆ ئێران ئاسان نیە، چونکە ئاماژەیەکی ڕونە بە کاریگەری فشار و ملکەچبونی ڕژێم. ئێران جیاوازە لە کۆریای باکور، کۆریا بۆیە دانوستان دەکات چونکە خاوەن چەکەکەیە. بەڵام ئێران کە هێشتا چەکی نیە، دانوستان بۆی ئاسان نیە، بە تایبەت لەگەڵ ترەمپدا کە ئامانجی سەرەکی ئەوەیە کە ئێران وەک لاواز دەربخات و خۆی وەک سەرکەوتو و بیکاتە دەستکەوتی هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو، کە ئێران بە هیوایە ترەمپ بدۆڕێت، نەک ببێتە هۆکاری سەرلەنوێ هەڵبژاردنەوەی.

## سەرچاوەکان


1. Stephen McGlinchey 2013 Richard Nixon’s Road to Tehran: The Making of the U.S.–Iran Arms Agreement of May 1972, *Diplomatic History*, Volume 37, Issue 4, September 2013, Pages 841–860.
2. Morrissey, John. (2017). The Long War: CENTCOM, Grand Strategy, and Global Security. Athens, GA: University of Georgia Press
3. David Wearing 2018. AngloArabia Polity Press
4. Harkavy, Robert E. Strategic Basing and the Great Powers 1200-2000. London: Routledge, 2007
5. David Vine (2015) Base Nation How U.S. Military Bases Abroad Harm America and the World, metropolitan books
6. George Modelski, (1978) "The Long Cycle of Global politics and the Nations-State." Comparative Studies in Society and History Vol. 20, No. 2, 217.
7. Tabatabai, Ariane and Esfandiary, Diana (2018) Triple-Axis: Iran's Relations with Russia and China, I.B Tauris
8. Carter J 1980 State of the Union Address Jimmy Carter Library and Museum, Atlanta, GA

www.jimmycarterlibrary.gov/ documents/speeches/su80jec.phtml

9. Zelikow and May (2018) Suez DeconstructedAn Interactive Study in Crisis, War, and Peacemaking

https://www.brookings.edu/book/suez-1956/

10. Sato, Shohei 2011 Britain’s Withdrawal from the Persian Gulf, 1964-1971: A Study of Informal Empire

https://ora.ox.ac.uk/objects/uuid:df0aec03-0426-410e-be60-e5e702647df3/download_file?file_format=pdf&safe_filename=Shohei%2BSato%2BDphil%2Bthesis.pdf&type_of_work=Thesis

11. Office of the Historian, USA, “Memorandum of Conversation, Washington, March 11, 1969,” Foreign Relations of the United States, 1969-1976, Volume XXIV, Middle East Region and Arabian Peninsula, 1969-1972; Jordan, September 1970,

https://history.state.gov/historicaldocuments/frus1969-76v24/d72.

12. Yolaçan, Serkan 2019 Prospects for the Asian Century, MEI Insight 200

https://mei.nus.edu.sg/wp-content/uploads/2019/02/Serkan-A-New-Order_28Feb2019-converted-2.pdf

13. https://www.nbr.org/publication/the-new-china-russia-u-s-triangle/
14. https://www.reuters.com/article/us-usa-iran-switzerland-idUSKCN1T30DT?fbclid=IwAR1y59EO97Hyp5eV5G9feyzd3z1021OAcfEeWMx5eo-ygpTdQr-VanPJF4E
15. https://newint.org/features/1980/09/01/militarymadness
16. https://lobelog.com/americas-standard-of-normal-nation-in-the-middle-east/
17. https://www.sepad.org.uk
18. https://warontherocks.com/2019/06/what-do-u-s-iranian-tensions-mean-for-israel/